# سەرمای دەروون

دیمەنی ١

ئێوارە/دەرەوە/کۆڵانەکانی شارێکی سوید

چەند دیمەن لە شەقامی چۆڵ. رووناکایی چراکان لە تەڕایی ئەسفالتەکەدا شەوق دەداتەوە (باران باریوە و بە چۆنیەتی بەڕێدا چوونی خەڵکدا دیارە کە زۆر ساردە).

دیمەنی ٢

ئێوارە/ ژوورەوە/ مەیخانە

لە سوچی مەیخانەیەکی چۆڵدا پیاوێکی تەمەن چل ساڵە **(سەردار)** دانیشتوە، جلوبەرگی کاری لەبەردایە و بیرەیەکی نیوەخوراوی لە پێشە و وەکوو لە بیرێکی قووڵدا بێ، وایە. تەنانەت چاو لە کچە پێشخزمەتەکەش ناکا کە دێ و تەپڵەکی جگەرەکەی بۆ دەگۆڕێ.

دیمەنی ٣

شەو/ دەرەوە/ شەقامەکانی شار

سەردار بە شەقامە چۆڵەکاندا، بێواز، بەرەوماڵ دەچێ، جانتا شڕەیەکی کرێکاری پێیە.
دەگاتە بەرماڵ، کابرایەک پاڵتۆە شڕەیەکی بە خۆیدا داوە، کە سەر وسینگی داپۆشیوە.
سەردار ڕادەوەستێ و چاوی لێی دەکا. یەک دوو جار بانگی دەکا. وەڵام نییە. رایدەژەنێ، کابرا پرخەی دێ.
کوڕ و کچێک بە پێکەنینەوە، بە شاندەستیدا تێدەپەڕن و دەرکە دەکەنەوە و دەچنە ژووری، سەردار پێی سەیرە بۆچی ئەوان بە دیار کابراوە رانەوەستان.
بە دوایاندا دەچێ.

## دیمەنی ٤

## شەو/ ژوورەوە/ نێو دەرکەی ماڵ

لە قاتی دووهەم کوڕ و کچەکە لە دەرگای ماڵێک دەدەن و یەکتر ماچ دەکەن. سەردار سڵاو دەکاو و دەیەوێ قسەیان لەگەڵ بکا. دەرگا دەکرێتەوە. پیاوێکی ٢٥-٢٧ ساڵانی سویدی خاوەن ماڵە، لەگەڵ کچەکە و کوڕەکە چاک و چۆنی دەکا. سووکە سڵاوێکیش لە سەردار دەکا. سەردار مات بووە، خاوەن ماڵەکە بە پرسیارەوە چاوی لێی دەکا.

جیران:

ببوورە ئەو شەو میوانیمان هەیە ڕەنگە نەختێک دەنگمان زۆر بێ.

سەردار:

(بە پرتەپرتەوە) کابرایەک لە بەر دەرگای دەرێ کەوتووە، دەبێ یارمەتی بدەین دەنا لە سەرما ڕەق دەبێتەوە.

کچێکی لاو دێ دەستی خاوەن ماڵ دەگرێ

کچ:

چ بووە. بۆ نایە ژوورێ؟

جیران:

هیچ نییە ئەمە جیرانمانە. (ڕوو لە سەردار) هیچ نییە نیگەران مەبە...

سەردار دەچێتە ماڵەکەی خۆی و بەتانییەک دێنێ و بە پلیکانەکاندا دەچێتە خوارەوە.

## دیمەنی٥

## شەو/دەرەوە/پێش ماڵی سەردار

دەرکەی دەرێ دەکرێتەوە. سەردار بە بەتانییەوە دێتە دەرێ. کابرا لەوێ نەماوە. سەردار سرنجی ئەم لا و ئەو لای کۆڵان دەدا. هیچکەس نییە و باران دەبارێ. هەموو پەنجەرەکان داخراون.

دیمەنی ٦

شەو/ماڵی سەردار/ژوورەوە

ژوورێکی بچووک و متبەخێکی چکۆڵە.

نێوماڵ چۆڵە. دۆشەکێک لە سووچێک ڕاخراوە. دیوارەکان هیچیان پێیەوە نییە. لە تەنیشتی دۆشەکەکە گرامافۆنێک دانراوە، برایم بەتانییەکە فرێ دەداتە سەر جێگاکە و کەوانێک دادەنێ. دەنگی موزیک بەرز دەبێتەوە. لە پشت گرامەکەدا قاپی وێنەیەک دەبیندرێ کە برایم و ژنێک و منداڵیک نیشان دەدا، قاپەکە هەڵدەگێڕیتەوە بەرەو دیوار. جانتاکەی هەڵدەگرێ و دەچیتە مەتبەخەکەوە. دوو پەتاتەی گەورە لە نایلۆنێک دەردێنێ و دەیانخاتە نێو قابلەمەیەکەوە و لە سەر ئاگری دادەنێ. جگەرەیەک هەڵدەکا و لەسەر دۆشەکەکە دادەنیشێ.

جگەرە بە دوای جگەرەدا و موزیک دەگۆڕدری و باران لە پشت شوشە دەدا و برایم بیر لە کابرای بەر دەرگا دەکاتەوە.

دیمەنی ٧

گەڕانەوە (فلاش بەک) بۆ ڕابردووی سەردار

رۆژ/ دەرەوە/ کوێستان

چەند دیمەنێکی لێڵ لە وڵات.سەردار دەستی منداڵێکی گرتووە، بە نێو قور و چڵپاودا دەڕوا و ژنێک پیارزگێکێ لە کۆڵی بەستووە و بە دوویاندا دەڕوا، باران دەبارێ و رێگا هەورازە.

دیمەنی٨

درێژەی دیمەنی ٦

سەردار بەتانییەکە بەسەرخۆیدا دەدا و گرمۆڵتکە دەبێ.

## دیمەنی ٩

بەیانی/ ژوورەوە/ ماڵی سەردار

سەردار بە خاولییەکی چڵکن دەموچاوی دەسڕێتەوە. پەتاتەکان لە نایلۆن دەنێ و پێڵاو لەپێ دەکا، دەگەڕێتەوە قاپە عەکسەکە وەردەگێڕێتەوە و دەچێتە دەرێ.

## دیمەنی ١٠

بەیانی زوو/ دەرەوە/ئیزگەی پاس

سەردارسواری پاسی کارخانە دەبێ و لە سەر کورسییەک دادەنیشێ. سەری بە شووشەکەوە دەنێ. هەموو ئەوانی دیکەش هەر کەسە و بە تەنێ دانیشتووە. دەرێ تاریک و تەڕە.

## دیمەنی ١١

شەو/ دەرەوە/کۆڵانەکانی شار

سەردار بیرەیەکی بە دەستەوەیە. قومێکی لێدەدا و سەری لە نێو یەخەی پاڵتاوەکەی لار کردوەتەوە و لە کۆلاندا بەرەو ماڵ دەڕوا. دەرکە و پەنجەرەکان هەموو داخراون.

## دیمەنی ١٢

شەو/دەرەوە/ پێش دەرکەی ماڵی سەردار

سەردار دەگاتە بەردەرگای ماڵ. دیسان کابرا لەوێ کەوتووە. دەستی کابرا دەگرێ و رایدەوەشێنێ. کابرا پرخەی دێ. سەردار دەچێتە ژوورێ.

## دیەمنی ١٣

شەو/ ژوورەوە/ نێودەرکەی ماڵی سەردار.

سەردار لەدەرگای جیرانەکەیان دەدا. نایکەنەوە. دەچێتە نهۆمی خوارەوە لە دەرگای جیرانێکی دیکە دەدا، پیرە پیاوێک دەیکاتەوە، کامڵە ژنێکیش لە پشتیەوە وەستاوە، .

سەردار:

من لە نهۆمی سەرەوە دەژیم.

پیاو:

دەزانین دوو ساڵ و سێ مانگە لێرەیت.

سەردار:

کابرایەک لە دەرێ .. لەبەر دەرکە کەوتووە.

ژن:

تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە.

سەردار:

من تەلەفۆنم لە ماڵەوە نییە. دەکرێ لە تەلەفۆنەکەی ئێوەوە قسە لەگەڵ پۆلیس بکەم؟ یان خۆتان بیکەن.

ژن ون دەبێ، پیاو و سەردار هەردووک سەریان داخستووە و ساکت وەستاون. دەنگی ژن دێ.

ژن:

ئەو جیرانەمان پیاوێکی دیوە لەبەر دەرکە کەوتووە. خیابانی کوارن، ژمارەی 70

سەردار دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی.

دیمەنی ١٤

شەو/ژوورەوە/ ژوورەکەی سەردار

سەردار بە هەمان شێوەی پێشوو لە ژوورەکەیدا دانیشتووە. جگەرە دەکێشێ. دەنگی مۆسیقا بە کزی. قاپی وێنەکە بەرەو دیوارە. قابلەمەی پەتاتەکەش دەکوڵێ. لەدەرگا دەدرێ. دەیکاتەوە. دوو پۆلیس (پیاوێک و ژنێک)لەبەر دەرکەن.

پۆلیس:

تۆ بوویت تەلەفۆنت کرد؟

سەردار:

بەڵێ، ئەوە دوو شەوە ئەو کابرایە لەوێ دەنوێ. دەترسێم لە بەرسەرما ڕەق بێتەوە. (پۆلیسەکان چاوێک لە یەکتر دەکەن)

پۆلیس:

بەڵام ئێمە کەسمان نەدیت.

پۆلیسی ژن: هیج کەس لەبەر دەرگا نییە. کابرا چۆن بوو؟

سەردار:

من سەروچاویم نەدیت، جانتاکەی بە سەریدا دابوو. لەو سەرخۆشانە دەچوو.

پۆلیس:

ژمارە تەلەفۆنەکەت چەندە؟

سەردار:

من تەلەفۆنم. بە تلەفوونی جیرانەکەمان...

پۆلیس: (بە گومانەوە)

دەزانم! کار دەکەی؟

سەردار:بەڵێ.

پۆلیس:

ئادرێسی کارەکەت.

سەردار ئادرێسێک دەدا و پۆلیسە ژنەکە دەینووسێ. پەڕە کاغەزێک دەدا بە سەردار.

پۆلیس:

ئەگەر کێشەت هەبوو تلەفوون بۆ ئەم ژمارە بکە.

پۆلیسەکان دەڕۆن و سەردار دەرکە پێوە دەدا.

دیمەنی ١٥

شەو/ دەرەوە/ شەقامەکانی شار.

سەردار لە دوکانێک دێتە دەرێ. بەستەیەک بیرەی پێیە، جگەرەیەک هەڵدەکا و لە شەقامە چۆلەکاندا وەڕێ دەکەوێ، دەگاتەوە نزیک ماڵ. هەمان کابرا لە هەمان شوێن ڕاکشاوە. ئەمجارە جووڵەیەکیش دەکا. سەردار یەکسەر دەچێتە ژوورێ.

دیمەنی١٦

شەو/ ژوورێ/ نێو دەرکە

سەردار لە دەرگای پیرەکان دەدا، کە دەرگا دەکەنەوە. بە جلەکانیاندا دیارە تازە لە دەرەوە هاتوونەتەوە.

سەردار :

ئەوە کابرا دیسان لەوێ کەوتووە. ژن و پیاوە پیرەکە بە گومانەوە سەیری یەکتر دەکەن.

ژن:

من تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم.

سەردار بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێ.

دیمەنی ١٧

شەو/ ژوورەوە/ ژووری سەردار

سەرداردێتە ژوورەوە. قاپەکە وەردەگێڕێتەوە و دەست بۆ گرامافۆنەکە دەبا. (دەنگی موزیک.)

بیرەیەک هەڵدەپچڕێ. لە سەر دۆشەکە شرەکەی هەڵدەتروشکێ. ماوەیەک بەو دەقە کەوتووە.

دەنگی دەرگا. پۆلیسەکانن.

پۆلیس:

دیسان تلەفوون کراوە. دەتووانین بینە ژووری؟

سەردار:

فەرموون!

پۆلیسەکان دێنە ژووری و بە سەیرەوە چاو لە ناو ژوورەکە دەگێڕن.

پۆلیس:

دەکرێ بڵێی ئەو کابرایە جلەکانی چ رەنگن، باڵای چەندە؟ چ نیشانەیەکی تایبەتی هەیە.

سەردار:

چی تایبەتی نییە، دەزانی بەر دەرکە نەختێک تاریکە، باش دیار نییە.

پۆلیس:

یەک دوو پرسیارم سەبارەت بە خۆت هەیە، ئەگەر ئیزنت هەبێ.

سەردار:

فەرموون، چ نییە. چای؟ قاوە؟

پۆلیس:

نا، سپاس. (ئاماژە بە بیرەکە دەکا و زۆر ئاسایی دەپرسێ) رۆژێ چەند بیرە دەخۆیەوە.

سەردار:

نایان ژمێرم.

پۆلیس:

لەسەر کارەکەت دەخۆیەوە.

سەردار: نا

پۆلیس:

ئاخر جارکەی چوویە لای پزیشک؟ مەبەستم هیچ نەخۆشییەکت هەیە؟

سەردار:

نا، بەڵام تێناگەم ئەم پرسیارەت بۆ چییە؟

پۆلیس:

نا، شتی رووتینە، ئێمەش دەبێ راپۆرتی خۆمان بنووسین. ئەمپرسیارانە ئاساییە، بیری لێ مەکەوە. سپاس بۆ وەڵامەکانت و ببوورە وەختمان گرتی.

دیمەنی ١٨

شەو/ دەرەوە/شەقامەکان

بەفر دەبارێ. سەردار دەگاتە سەر شەقامەکەی خۆیان. سەردار لە دوورەوە رەشاییەک دەبینی، ریگاکەی خوار دەکاتەوە بەرەو پشتی ماڵەکە و دەیەوێ بە دەرگای پارکینگدا بچێتە ژوورێ. لەبەر دەرگای پارکینگەکە، ڕەشاییەک کەوتووە. سەردار تاوێک ڕادەمێنێ. لێی نزیک دەبێتەوە، دەست لەسەر شانی کابرای خەوتوو دادەنێ و ڕایدەتەکێنێ. کابرا هیچ دەنگ و جووڵەیەکی نییە. پاڵتۆ شڕەکەی لەسەر لا دەدا. وەریدەگەڕێنێ. دەموچاوی کابرا دەبینین: سەردار خۆیەتی.

تەیفور بەهاری 2006